وانەی 16

هۆکارەکانی ڕووخانی میرنشینی روادی:

1- شوێنی جوگرافی میرنشینی روادی، کە لە ناو چە سنووریەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بوو، بۆیە بە بەردەوامی هێرش دەکرایە سەری لە لایەن هێزە نامو سڵمانەکانەوە، هەروەها میرز شینی روادی زۆربەی کات خەریکی پارا ستنی سنووری دەوڵەتی ئیسلامی بوو، کە ئەمەش میرزشینەکەی هیلاك دەکرد.

2- تێکچوونی بارودۆخی میرنشینەکە، لە ئەنجامی هێرشی غوزەکان بۆ سەر هەرێمەکە، کە ئەمەش بووە هۆی خراپ بوونی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی میرنشینەکە.

3- سیا سەتی مەرکەزی کە لە لایەن سەلجوقیەکانەوە پەیڕەودەکرا بەتایبەتی(مەلیك شا)ی سەلجوقی، کە هۆیەکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ ڕووخانی میرنشینەکە.

4- پەیوەندی خراپ و ململانێی نێوان هەندێك لە میرەکانی میرز شینەکە، وەك پەیوەندی خراپی نێوان(أبوالهیجا و) و (وهسوزان)، کە بووە هۆی لەدەستدانی شارێکی کوردی.

5- سیاسەتی هەندێ میری روادی، کە پاشگەزدەبوونەوە لە دانی باج بە سەلجوقیەکان، کە ئەمەش دەبووە مایەی هێرشکردنە سەر میرنشینەکە، وەك هێرشەکانی(452ك) و (454ك)، کە ڕۆڵیان هەبوو لە خراپ بوونی بارودۆخەکە، دواتریش هەرەسهێنانیان.

6-ململانێیان لەگەل میرنشینی شەدادی لە ئاران.

میرنشینی حەسنەوی(بەرزیکانی)(348"350"-406ك):

ناوی حە سنەویەکان لە سەردەمی عی شانیەکاندا لە سەر چاوەکاندا نەهاتووە، حە سنەویەکان دەگەڕێنەوە بۆ لقی(بەرزینی) لە هۆزی (بەرزیکانی)، کە لەگەڵ لقی عی شانی بەرزیکانی لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا دەژیان. (بەرزینی) بە مانای گەورە و بەرز دێت، کەواتە لەوەوە دەردەکەوێت کە ئەم بنەماڵەیە لە گەورە پیاوانی هۆزەکە بوون.

دەرکەوتنی بوەیهیەکان لە هەرێمی چیاو، چالاکی هۆزە کوردیەکانی تری وەکو شازنجانی، ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ دەرکەوتنی بەرزیکانیەکان بە سەرکردایەتی (حەسنەوی کوڕی حسین بەرزیکانی) لە (350ك)دا.

سەبارەت بە دەرکەوتن و گە شە سەندنی میرنشینەکە، زانیاری ئەوتۆ نیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تۆبۆگرافیای ناو چەکەو، دووری لە شارە سەرەکیەکانی هەرێمەکە، و نەبوونی مێژوونوس بۆ تۆمارکردنی هەواڵەکان، و ئەو زانیارانەی کە لە بەردەستیشدان، لە ئەنجامی ململانێی نێو بنەماڵەی بوەیهیەکان بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکە دەستمان کەوتووە.

هەروەکو ئەو زانیاریانەی مێژوونوس(مسکویە) تۆماری کردوون، کە مێژوونوسی بوەیهیەکان بووە، هەروەها لە یەکێك لەو هەڵمەتە سەربازیانە بە شداری کردووە کە (رکن الدولە)ی بوەیهی لە (359ك) کردویەتیە سەر میرنشینی حەسنەوەی تازەپێگەیشتوو. لێرەدا مێژووی تۆمارکراوی بوەیهیەکان دەست پێدەکات، هەر ئەمەش وای لە مێژوونوسی کورد (حسین حزنی موکریانی) کردووە، کە ساڵی(330ك) بە سەرەتای میرنشینەکە دابنێ لە سەر دەستی میر(حسینی بەرزیکانی) واتە بەر لە چوونی بوەیهیەکان بۆ بەغداد لە (334ك) و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی بوەیهی، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ سەرچاوەیەك بکات.

یەکەم ئاماژەی مسکویە بۆ حەسنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە میر حسنوی هەستاوە بە یارمەتی دانی (رکن الدولە)ی بوەیهی، لە شەڕدا دژی سامانیەکان، بۆیە (رکن الدولە) لە بەرامبەردا پادا شتی حسنوی کردووە و چەندان ناو چەی پێ بەخشیوە، ئەمەش هانی میر حسنوی داوە کە دەست بە فراوانخوازیەکانی بکات لە سەر حسابی میرەکانی تری هەرێمی چیا، بۆیە ئەوانیش ناڕەزاییان دەربڕیوە و سکاڵایان پێشکەش بە (رکن الدولە) کردووە، لە دژی میر حسنوی، بەڵام (رکن الدولە) چاوپۆشی لە کارەکانی میر حسنوی کردووە.

پاش لەناوچوونی (أبوسالم عیشانی) ئەوەبوو گۆڕەپانی بۆ میر حسنوی چۆڵ بوو، و دەستی بەسەر هەموو ناوچەکاندا گرت، و توانی(میرنشینی حسنوی) دابمەزرێنێ هەرچەندە هەندێ لە مێژوونوسان (میر حسین بەرزیکانی)ی باوکی میر حسنوی بە دامەزرێنەری میرنشینەکە دادەنێن کە لە (330ك) لە سەردەمی خەلیفە (مکتفی)دا توانیویەتی چەند قەڵاو ناوچەیەك بگرێ، و لە (348ك) مردووە.

میر حسنوی بەردەوام بوو لە فراوانخوازیەکانی، و سەپاندنی باج بە سەر خاوەن زەویەکان و سەر ڕێگا بازرگانیەکانی هەرێمەکە، (رکن الدولە)ش بێدەنگ بوو بەرامبەر کارەکانی حسنوی و هەمیشە دووپاتی دەکردەوە کە ((دەوڵەتەکەی بە ستراوە بە دەوڵەتی کوردان))، ئەمەش دەلالەتە لە سەر ڕۆڵی کوردەکان لە چەسپاندنی شوێنپێی بوەیهیەکان لە حوکمدا، و ئیعترافێکی(دانپێدانانێکی) ڕەسمیشە بە میرنشینی حسنوی وەکو قەوارەیەکی سیاسی کە مقاوماتی دەوڵەتی هەبووە.

گرنگترین هۆکارەکانی دامەزراندنی میرنشینی حسنوی:

1- لاوازی خەلافەتی عەبباسی بەهۆی هاتنی چەند خەلیفەیەکی لاواز و لاوازی ئیداری و سەربازی و ئابوری عەبباسیەکان.

2- پەیڕەوکردنی سیا سەتی لامەرکەزیەت لە لایەن بوەیهیەکانەوە کە ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە دامەزراندنی میرنشینەکە.

3- لە ناوچوونی میرنشینی عەیشانی کە(خاڵۆی) میرحسنوی بوون، بەمەش حسنویەکان دەستیان بەسەر ناوچەکانیان داگرت.

4- کەسایەتی میر حسنوی، کە بە ئازایی و لێهاتوویی و دانایی ناسراوە.

5- دووری هەرێمی چیا لە بنکەی خەلافەت وسەختی ناوچەکە و بوونی هۆزی بەتوانا.

6- لایەنی ئابووری هەرێمی چیا کە ناو چەیەکی بەخێر و بێر بووە بەتایبەتی دوای لاوازی عەبباسیەکان، کە زۆربەی داهاتەکە لە ناوچەکە و میرنشینەکە سەرف دەکرا.

7- حسنوی خەزێنەی تایبەتی هەبوو لە هەرێمەکەدا بۆ کۆکردنەوەی سامان و داهاتی میرنشینەکە و میرکانیشی زۆربەی کات هەوڵیانداوە سود لەم داهاتە وەربگرن بۆ بوژانەوەی هەرێمەکە و میرنشینەکە، بۆیە لە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بینا سازییەوە خزمەتی زۆریان بە ناوچەکە بەخشیوە، و سەربەخۆیی تەواویان هەبووە لەگەڵ ئەوەی کە باجیان داوە بە بوەیهیەکان.

میر بدر (369-405ك):

بە مردنی میر حسنوی، بەبێ ئەوەی کەس بۆ تەخت دیاری بکات، بوە مایەی ناکۆکی و ململانێ لە نێوان کوڕەکانی، (عچد الدولە)ش هەوڵیدا سود لەم دەرفەتە وەربگرێ بە مەبەستی لەناوبردنی میرنشینەکە کەوتەڕێ، چونکە چەندان جار میر حسنوی ململانێی نێو بنەماڵەی بوەیهیەکان قۆستبۆوە بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی لە هەرێمەکەدا، کە لە ئەنجامدا سەروەت و سامانی زۆری کۆکردبۆوە.

هەر چەندە ئەو کاتە (عزدالدولە) و براکانی لە ململانێ دابوون بەڵام (عچدالدولە) داوای لە براکانی کرد کە قسەیان یەك بخەن و سوود لەم دەرفەتە وەربگرن و میرنشینەکە لەناوببەن و ناوچەکانیش بۆ خۆیان دابەش بکەن.

هەر چی کوردەکانی میر حسنوی بوون، ئەوا هەندێکیان لاگیریان بۆ (عزدالدولە)و هەندێکی تریان بۆ (فخرالدولە) نیشاندا.

ئەوەبوو فخرالدولە) داڵدەی هەندێ لە کوڕەکانی میر حسنویدا، بۆیە (عزدالدولە)ش هێرشی کردە سەر هەمەدان و ئیتر (فخرالدولە) بە ناچاری ڕایکردو ناوچەکانی کەوتنە ژێر دەستی (عزدالدولە)، ئەویش ئەو ناوچانەی دا بە (مۆید الدولە)ی برای وەکو نائبی خۆی لەو ناوچانە، دواتریش بەرەو میرنشینی حسنوی کەوتەڕێ، و توانی (نهاوند و دینور) بگرێ، لە کۆتایشدا دەستی بە سەر قەڵای

سرماج گرت كه خەزێنەی میرز شینەكەی لێبوو، بەمەش هەموو سەروەت و سامانی میرز شینەكە كەوتە دەست (عچدالدولە).

هەروەها هەڵ سا بە دانانی (بدری كوڕی حـ سنوی) لە شوێنی باوكی، و شەش كوڕەكەی ترێ شی لەناوبرد.

هۆی هەڵبژاردنی میر بدر لە لایەن (عچدالدولە)وە:

1- با شی پەیوەندی نێوان میر بدر و (ع چدالدولە) لە مردنی میر حـ سنویش، چونكە لە مێژبوو دڵسۆزی خۆی بۆ نیشاندابوو.

كە نێردراوەكە ئەم ئامادەبا شیەی بینی ڕازی بوو بە داوای میر بدر بۆ بە ستنی ئا شتی، هەر چەندە شیرین خاتوون هەموو پرس و ڕایەكی بە میر بدر دەكرد، بەڵام بە هاندانی (ابوعلی بن حمولە)ی وەزیری هێر شی كردە سەر زەیاریەكان بە پێ چەوانەی ئامۆژگاریەكانی میر بدر، ئەوەبوو لە هێرشەكەدا شكان، بۆیە شیرین خاتوون حمولەی لاداو زیندانی كرد و دواتریش كوشتی.

ئەوەی جێگەی باسە ناكۆكیەكی زۆر هەبوو لە نێوان میر بدر و ابن حمولە، چونكە هەمیشە میرەكانی لە دژی میر بدر هاندەدا، و لە شان و شكۆی میر بدری كەم دەك

میر بدر و خەلیفەی عەبباسی:

پەیوەندی میرزشینی حـسنوی لەگەڵ عەببا سیەكان هەمیشە باش بووە، بەتایبەتی لە سەردەمی میر بدردا، ئەوەبوو ناوی خەلیفەیان لە وتاری هەینی و لە سەر دراودا دەهێنا، ئەمەش ڕێزی میرزشینەكە نیشاندەدات بەرامبەر خەلافەتی عەبباسی، كە هەرچەندە میرنشینێكی سەربەخۆ بوون، بەڵام هەمیشە هەوڵیانداوە ڕەزامەندی خەلافەت وەربگرن، چونكە بە دەسەڵاتی شەرعی جیهانی ئیسلامیان زانیوە.

سەبارەت بە بەدر هەمیشە هاوكاری پێشكەش بە عەبباسیەكان كردوە، چ لە لایەنی سەربازی یاخود لە دابینكردنی ئارامی و ئا سایش لە ناو چەكەدا. بۆ نموونە: لە (384ك) میرێكی عەرەب ڕێگای لە كاروانی حەجاجەكان دەگرت و داوای پارەی لێدەكردن، خەلیفەش لە توانایدا نەبوو چارە سەری ئەم بارودۆخە بكات، بۆیە ئەمە درێژەی كێ شا، و حەجاجەكان نەیاندەتوانی بـ چنە حەج(مەككە)، بۆیە بۆ ماوەیەك حەج وەستا.

ئەوەبوو میر بدر لە (385ك) هەڵ سا بە بەخ شینی پارەیەكی زۆر بەم میرە عەرەبە، تاكو چیتر ڕێگری نەكات خەڵكەكەش بتوانن حەجی خۆیان بكەن.

هەروەها میر بدر پارەیەکی زۆری بۆ  چاك کردنی ڕێگاوبان و لێقەوماوان و هەژارانی مەککە و مەدینە سەرف دەکرد،  سالأنەش پارەی بە پیاوماقوڵان فەقێیەکانی بەغدا دەبەخشی، بۆیە باس لەوە دەکەن بە مردنی میر بەدر بارودۆخی ئەم خەڵکانە خراپ بووە، و تەنانەت حەجکردنیش تاڕاددەیەکی زۆر کەمبۆتەوە.

بۆیە لە (388ك) لە پادا شتی ئەم کارە  چاکانەی بەرد خەلیفەی عەببا سی(قادر باللە)(381-422ك)، نازناوی (نا صرالدین والدولە)ی پێ بەخ شی، هەروەها بەڕەسمیش حوکمڕانی ناو چەکانی هەرێمی چیای پێ بەخشی.

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە خەلیفەی عەبباسی تەنها نازناوی سیاسی بە میرەکان دەبەخشی، تەنها میر بەدر نەبێ کە نازناوی ئاینی و   سیا   سی پێ بەخ  شرا لەگەڵ ئەوەی کە خەلیفە   سوننە مەزهەبێکی توندڕەو بووە، .

هەر چی (د.فر ست مرعی)یە، لە کارنامەکەیدا بە ناوی (الامارات الکردیە فی العصر العبا سی الپانی) پێی وایە کە بەدر  سوننە بووە،  چونکە زۆر لە مێژوونوس و  شاعیرە  سوننەکان بە  شان و باڵیاندا هەڵداوە.